# با بێدەنگ نەبین لە ئاست لاوازکردنی کوردەکانی عێراقدا



کریستۆفەر هیچتنس

## "ئەمریکا کاتێك خزمەتی دیموکراتیزەکردنی تورکیا دەکات کە ناچاری بکات لە قوبرس و سنورەکانی عێراق بکشێتەوە"

لە سەدەی ڕابردودا، قوربانیە سەرەکیەکانی تاوانی جینۆساید یاخود هەوڵەکانی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بە شێوەیەکی بەرچاو بریتی بون لەهەوڵکانی جینۆسایدکردنی، ئەرمەنی و، جولەکە و کورد.

بـەڵام بە درێژای مانگی تشـرینی یەکەمـی ڕابردوو (بەتایبەتـی دوای پێشـنیارەکەی کۆنگریس بۆ ناسـاندنی جینۆسایدی ئەرمەنەکان)، ڕوداو وسیاسەتمەدارەکان هەر سێ گەلەیان دووچاری گێـژوای ڕوبەڕوبونەوە لە گەڵ یەکدیدا کرد.

### ئایا دەتوانین چ پەندێک لەم شەرمەزاریەوە فێرببین کە ڕووبەڕووی مرڤایەتی بۆتەوە؟

گەر شـتەکان بە کورتی و پوختی بخەینەڕو، لە بەرامبەر ئەگەری پەسـەندکردنی بڕیاری ناسـاندنی ڕەشـەکوژی ئەرمەنیەکان کەلە ساڵی ١٩١٥دا (لەسەردەستی عوسمانیەکان ئەنجامـدراوەو ماوەیەکی دور ودرێژیـش بوو لە کۆنگریس پێشـنیار کرابوو) لە لایـەن ئەنجومەنـی نوێنەرانی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکاوە وەك کردارێکی نەخشەبۆکێشـراو بـۆ "پاکتاوی ڕەگـەزی" ( کە ئەوە دەسـتەواژەی باڵیۆزی وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا هێنری مۆرگانسـاوس بو لەو سەردەمەی هێشتا دەستەواژەی جینۆساید دانەڕێژرابوو بەکار هات )، دەسـەڵاتە تورکیەکان هەڕەشـەکانیان زیاتر کرد بۆ داگیرکردنی پارێـزگا کوردیەکان هەرێمی باکوری عێراق کە ئیدارەی خۆیان دەکەن.

زۆرێك لە جولەکە ئەمەریکیەکان کەوتنە پێگە و هەڵویستێکی نالەبارەوە لەبەر ئەوەی دابەش ببوون لە نێوان هاوسـۆزی بۆ ئەو کەسـانەی (ئەرمەنەکان بوون) دوچاری سەرکوتکاری و پاکتاوی رەگەزی بونەتەوە، لەگەڵ پابەندبونبان بە هێنانەدی بەرژەوەندیەکانـی دەوڵەتی ئیسـرائیلەوە، کە شـەراکەتێکی سـتراتیجی لە گەڵ تورکیادا هەیە، بە تایبەتی لە گەڵ هێزە چەکدارەکانـی تورکیادا کە تا ڕاددەیەکی زۆر دەسـتێوەردان دەکەن لە ژیانی سیاسی وڵاتەکەدا.

### کوردستان بۆنی گازی ژەهراوی لێدەهات داوای لێبوردنی لە ئەرمەنەکان کرد

بۆ زیاتر ڕونکردنـەوەی ئەم بارودۆخە نائومێدکەرە، ڕەنگە خسـتنەڕوی چەند ڕووداوێك سـودمەند بێت. -لە سـاڵی ١٩٩١دا، لـە باکوری عێراقدا، هێشـتا دەتوانرا بۆنی گوندە ژەهراوی و گازابارنکراوەکان کوردسـتان بکەیت و بیانبینیت، من لە جەلال تاڵەبانیم بیسـت کە سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردسـتان بو ڕایگەیاند پێویستە کوردەکان داوای لێبوردن لـە ئەرمەنیەکان بکەن لەبەر ئەوەی وەك پاڵپشـتێك بۆ ئیمبراتۆریەتی عوسـمانی لە کاتـی ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایدەکەدا ڕوڵیان بینیووە. تاڵەبانی، کە ئەم ڕاگەیاندنەی دوپاتدەکردەوە، ئێستا سەرۆکی عێراقە.

(من وەك بەڵگەیەم لەم لێـدوان و ڕاگەیاندنە دەڕوانم، بەو بۆنەیەوە، ئەو خەڵکە بە شـێوەیەکی گشـتی خاوەن شانازیە کە پێشـنیاری ئەوە دەکەن داوای لێبـوردن بکرێت لەو تاوانە قێزەونانەی کە لە ڕاسـتیدا ئەنجامیان نەداوە.) بە دڵنیاییەوە، وەك کوردێك و وەکو عێراقیەك، چەك و موشەکەکانی تورکیای لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە سەر تاقیکرایەوە .

### هەوڵی پەکەکە بۆ ئیستغلالکردنی ئەو ئازادییەی کە لە کوردستانی عێراق ڕەخساوە ڕەفتارێکی نابەرپرسیارانەیە

با پتر ئەم مەسـەلەیە ڕون بکەینـەوە، زۆرێك لە ئێمە کە پشتیوانێکی سەرسەختی ماف و ئاواتەکانی کوردەکانین سەرنج و تەحەفوزێکی زۆرمان هەیە لە ئاسـت ئـەوەی پێی دەڵێن پارتی کرێکاران کوردستان، یاخود PKK. کە ڕێکخراوێکی خاوەن کەلتوری ستالینیە، کە لێکچونێکی زۆری هەیە گروپی ڕێگای پرشـنگداری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. (کە چیرۆکی ئەم پارتە، یاخود چیرۆکی سـەرکردە سـەیر و سەمەرەکەی عەبدوڵا ئۆجەلان، بە باشی لە لایەن ئەلیزا مارکۆسەوە خراوەتە ڕو لـە کتێبەکەیـدا بە ناوی خۆێـن و بیروباوەڕ: PKK و شەڕی کوردەکان لە پێناوی سەربەخۆیدا ).

هەوڵی ئەم پارتە سەرکێشە بۆ ئیستغلالکردنی ئەو پانتاییە نوێیەی ئازادی کە لە کوردستانی عێراق ڕەخساوە ڕەفتارێکی نابەرپرسـیارانەیە و ڕاسـتەوخۆ لە بەرژەوەندی ئەو هێزانەی ناو دەزگای سـەربازی تورکیە کە خوازیاری زیندوکردنەوەی شۆفینیەتی کەمالیسـتین وەك چەکێك دژی سەرۆك وەزیران حکومەتی تورکـی ڕەجەب تەیب ئـەردۆگان، کە پێدەچێت نەرمی بنوێنێت لە ئاست داواکاریەکانی کوردەکاندا.

### ژەنرالەکانی سوپا ڕێگربوون لەکۆبوونەوەی نیوان عەبدوڵڵاگوڵ وحکومەتی هەرێمی کوردستاندا

ناســـازیەك هەیە لێرەدا، ئەو كەسانەی پۆشاكی سەربازیان پۆشـــیوە و بانگەشـــەی داكۆكیكردن دەكەن لە عەلمانیەتی توركیـــا پتـــر دواكەوتون لە پارتی داد و گەشـــەپێدان كە بەم دواییانە هەڵبژێـــردرا و خاوەنی باكگراوندێكی ئیســـلامیە. جەنەراڵەكانی ســـوپا كۆبونەوەیەكی بڕیاردراویان هەڵوەشاندوە لە نێوان عەبدوڵا گول- ئێســـتا سەرۆك كۆماری توركیایە و ئەو كاتە وەزیری دەرەوە بو- و حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. ئەمە ئەو ڕاستیەی خســـتەڕو كە ئەوان مەسەلە گەورەكانی وەك كێشەی PKK وەك ئاستەنگێك لە سیاسەتی ناوخۆییدا بەكاردەهێنن.

## لەژێر فشاری توركیادا

## بڕیاری ئەرمەنەكان بۆ ٢٠٠٨ دواخرا

## ئێستا كۆشكی سپی و ئەنجومەنی نوێنەران بە شێوەیەك ڕەفتار دەكەن جگە لە پاراستنی ڕێز و پێگەی توركیا هیچ شتێكی دیكەیان لا گرنگ نیە

ئەمە بارودۆخێكی ئەوەندە ئاڵۆزە كە ناكرێت درێژەی هەبێت، بەڵام كۆنگرێســـی ئەمەریكا و دەسەڵاتی جێبەجێكردنی زۆر ناكارا و لێنەهاتوو بون لە ئیدارەكردنی ئەم بارودۆخەدا. بڕیاری پەیوەست بە ئەرمەنیەكان (كە بە لای كەمەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دواخراوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریكادا لە ژێر فشاری توركیا و ئیدارەكەی ســـەرۆك بۆشدا) بۆتە چیرۆكێكی كۆن. لە یادمە كە ئەم پێشـــنیارە لە لایەن سیناتۆر ڕۆبەرت دۆڵ و ستەونۆڵدەوە سەرپەرشـــتی كرا لە گەڵ بیل كلنتۆندا كە ئەو كاتە ســـەرۆك بو. چ شـــەرمێكە كە نەمانتوانی پێش چەند دەیەیەك ئەمە بخەینە كارنامەی خۆمانەوە.

بەڵام ئێستا كۆشكی سپی و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمەریكا كە بە دەگمەن ووشەی كوردیان بە سەر زاردا دێت بە شێوەیەك ڕەفتـــار دەكەن كە جگە لە پاراســـتنی ڕێز و پێگەی توركیا هیچ شتێكی دیكە گرنگ نیە. لە دەرئەنجامدا، ئەمەریكا و دۆســـتەكانی لە لایەن ئەنقەرەوە كەوتۆتە ژێر گوشارەوە. ئەمە بە شێوەیەكی ئابڕوبەرانە مایەی شەرمەزاریە.

## لە ٢٠٠٣ توركیا ڕێگەی نەدا

## هێزەكانی ئەمریكا بێنە خاكەكەی

لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دەسەڵاتە توركیەكان، كە پێشتر بۆ ماوەی چەندین دەیە پشـــتیان بە یارمەتیەكانی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا و ناتۆ بەســـتبو، ڕێگەیان بـــە جێگیركردنی بنكە ســـەربازیەكانی ئەمەریـــكا نەدا بۆ كردنـــەوەی بەرەی باكور لە پێناو ڕوخاندنی ڕژێمی ســـەددامدا ئەگەر لە بەرامبەردا ڕێگە بە هێـــزە چەكدارەكانی توركیا نەدرێت بۆ ئەوەی بچنە كوردستانی عێراقەوە. ئیدارەكەی سەرك بۆش بڕیارێكی ڕاست و ڕەوای دەركرد كاتێك ئەم داواكاریەی ڕەتكردەوە.

ئـــەو زیانەی لە دەرئەنجامی ئـــەم ڕەتكردنەوەیەوە كەوتەوە زیانی گەورە و كاریگەر بون، كەچی هەرگیز كەس ئاماژەی بـــۆ ناكات، بەڵام گەر هێزە ســـەربازیەكان لە دو بەرەوە بەرەو بەغدا بەڕێبكەوتنایە، ئەوا ناوچە ســـوننە نشینەكان زوتر لە ڕاســـت و دروستی بارودۆخە تێدەگەیشـــتن (كە گەڕانەوەی ڕژێمی پێشو شـــتێكی مەحاڵ بو). ئەو كاتە بونی ناپاسای PKK گرفتێكی گەرم و گـــوڕ نەبوو، توركیا خوازیاری پێشـــگرتن بو لە ســـەرهەڵدانی حكومەتێك لە كوردســـتانی عێراقداكـــە لە لایەن كوردەكانی عێراقـــەوە بەڕێوەببرێت ببێتە مایـــەی هەڵنـــان و هاندانی كەمینەی كـــوردی توركیا كە كەمینەیەكەی گەورەن.

## یەكێتی ئەوروپا

## جەخت لە سەر ناساندنی مافی كلتوری و سیاسیی كورد لە توركیادا دەكات هەربۆیە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا ناتوانێت لەمە كەمتر داوا بكات

بـــا لە ئاســـت چەند مســـەلەیەكدا ڕون و ڕاشـــكاو بین. یەكێتی ئەوروپا، كە توركیا بە پشتیوانی ئەمەریكا داوادەكات ببێتە ئەندام تێیدا، پێداگیری كردوە لە ســـەر ناساندنی مافە زمانەوانی و سیاسیەكانی كوردەكان لە چوارچێوەی توركیادا، وڵاتـــە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا ناتوانێـــت لەمە كەمتر داوا بكات.

گەر توركیا خوازیارە بە شـــێوەیەكی ڕەســـمی درۆ بكات لە بارەی ئەوەی كە بەســـەر ئەرمەنیەكان هاتوە، ئەوا ناكرێت چاوەڕوانی ئەوە بكرێت وڵاتە یەكگرتووەكانی هەڵبســـتێت بە ناچاركردنـــی توركیا بۆ ئەوەی بـــە پێچەوانەوە ڕەفتار بكات بەوەی خۆی هەڵبســـتێت بە ناســـاندنی ئەم تاوانە (هەروەها دەبێت سەرزەنشـــت و ئیدانەی هەر هەڕەشەك بكات لە دژی خـــۆی و هاوپەیمانەكانـــی كە لە ئەنجامـــی بەردەوامبونی كۆنگرێسەوە دەكەونەوە بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستیە).

## ئەمریكا كاتێك خزمەت بە دیموكراتیزەكردنی توركیا دەكات

## كە توركیا ناچار بكات لە قوبرس و سنورەكانی عێراق بكشێتەوە

كەواتە كێشەی قوبرس دەمێنێتەوە، كە توركیا هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە هەتا ئێســـتا وەك هێزێكی داگیركەر ماوەتەوە كە لە لایەن بڕیارگەلێكی زۆری نەتـــەوە یەكگرتوەكانەوە ئیدانە و مەحكـــوم كراوە. نابێت ئەمەریكا ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت لە بەرامبەر غـــرور و كەللەڕەقی توركیادا، وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریـــكا كاتێك خزمەت بە پرۆســـەی بەدیموكراتیكردن و مۆدێرنكردنـــی توركیا دەكات دەكات كە پێداگیری لە ســـەر كشـــاندنەوەی ئەو هێزە داگیركەرە لە قوبرسدا بكات، هەروەها پاشەكشـــەپێكردنی هێزەكان لە سەر سنوری عێراقدا، لە گەڵ ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستیە مێژوییەكانی پەیوەست بە ئەرمەنیاوە و چیتر بەو چەشنە ڕەفتار نەكات كە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی هێشتا لەدەسەڵاتدایە.

سەرچاوە: زە ئوسترالیەن

-www.theaustralian.news.com.au/story/٠,٢٥١٩٧,٢٢٩٨١٧٩٦

html.١٥٠٨٤,٠٠

●●●

**ئەو كەسانەی پۆشاكی سەربازیان پۆشیوە و بانگەشەی داكۆكیكردن دەكەن لە عەلمانیەتی توركیا پتر دواكەوتون لە پارتی داد و گەشەپێدان كە بەم دواییانە هەڵبژێردرا و خاوەنی باكگراوندێكی ئیسلامیە**

●●●

●●●

**كێشەی قوبرس دەمێنێتەوە، كە توركیا هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە هەتا ئێستا وەك هێزێكی داگیركەر ماوەتەوە كە لە لایەن بڕیارگەلێكی زۆری نەتەوە یەكگرتوەكانەوە مەحكوم كراوە**

●●●

